ڕوونوێنی پیشانگای پێنجەمی
نەژاد عزیز سورمێ
بۆ هونەری کۆلاژ
کە لە (گەلەری کوردستان) ی هۆڵی میدیا
لە هەولێر...
لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری
حکوومەتی کوردستان
لە نێوان 23 تا 2008/6/27 ڕێکخرابوو

# دیسان چاوەکان

**ڕوونوێنی پێشانگای پێنجەمی**
**هونەری کۆلاژ**

نەژاد عەزیز سورمێ


کوردستان
2008


* دیسان چاوەکان
* نەژاد عزیز سورمێ
* چاپی یەکەم 2008
* دەرهێنانی هونەری: نەژاد عزیز سورمێ
* جیبەجێ کردنی: شکار نەقشبەندی
* تیراژ: 1000 دانە
* چاپخانەی خانی ـ دهۆک





*The haze of the eyes*
*The glory of the brightness*
*Infant… hardship*
*The blink of the princes*
*Lures the hearts*
*It is my empty pot*
*That resembles the song of the dawn*
*It recognizes the whiteness of the sheet*


تەمی چاوان
تەجەللای ڕۆشناییە
ساوا.. دژوار
غەمزەی شازادانن
فریوی دڵان دەدەن
ئەوە پیاڵەی بەتاڵی منە..
لە نەغمەی سەحەرگا دەکا..
ئەوە داننانە بە سپییایەتی کاغەز










10
UNITED STATES OF AMERICA
10












2007



























2007



2007




















2007


























JABON





2007













2007












VALEX

# له تۆماری
# سەرنجی بینەرانەوە

* پیشانگای ئەمڕۆ جێگای سەرسوڕمانە، خۆزگە بمانتوانیبا وەکو کاک نەژاد تابلۆکان بخوێنینەوە کە تەعبیر لە چی دەکات.. ئەمەش جیاوازییەکی سرووشتییە لە نێوان هونەرمەندو خەڵکی سادەی وەک ئێمە..

**فازڵ میرانی**
**(سیاسەتوان)**

* ئەگەر هەندێ لەم بەرهەمانە بە هەموو کەسێک ناوەرۆکیان لێک نەدرێتەوە، ئەمە قازانجی زۆرە، چونکە دەبێتە بیرکردنەوەی قووڵ و گەڕان لە گێتی نهێنی دا بۆ دۆزینەوەی ئەو مانایەی هونەر مەبەستیەتی، چونکە تەمومژی ڕۆمانتیکی و سیمبۆلی دەبنە هۆی بەردەوامی پێشکەوتنی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری.

**پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار**
**(ئەکادیمی و نووسەر)**

* نەژاد لەو کەسانەیە دەسپێشخەریی لە هونەری کۆلاژ لە کوردستان دا کردووە، وەک ڕۆژنامەنووسیش دیارە پەیوەندییەکی ڕۆحی بەهێزی لەگەڵ ئەو هونەرەدا پەیداکردووە.. دەمێکە موتابەعەی بەرهەمەکانی دەکەم، بەڕاستی سەرکەوتووە.

**ئیسماعیل خەیات**
**(شێوەکار)**

* نەژاد لەو تابلۆیانەیدا توانیویەتی گرەوی هونەر بباتەوە... تابلۆکان بە شێوەیەکی هونەری بەرجەستەکراون.

**کەمال غەمبار**
**(نووسەرو ڕەخنەگر)**

* ئەو کۆلاژانەی کاک نەژاد پێکهاتەی شێوەیەکی ئەدەبی و هونەرین، هەر چەندە لە ڕووی شێوەکارییەوە ئەو تایبەتیەی داڕشتن و بەهرەی هونەری بەمانای نیگارکێشان ناگەیێنێ..
دەستخۆشی لێ دەکەم..

**قەرەنی جەمیل**
**(شێوەکار)**

* سەرکەوتنی ئەم پێشانگایە لەوەدایە، سوودی لە بۆشایی و شێوازی داڕشتن وەرگرتووە کە هاوسەنگیەکی جوانی خسۆتە سووچی هەموو تابلۆکانی و ڕێگای نەداوە زۆر دیمەن بخزێتە ناو فۆرمەکانی.. تابلۆکان ئاوازێکی کپ و بێ دەنگن کە نەژاد خۆی ژەنیاریەتی..

**فەیسەڵ عوسمان**
**(شێوەکار)**

* مەرج نییە تەنیا لە خەوندا حەزەکانت بێتەدی..
ئەوە ئەو تەکنیکە هونەریەیە کە هونەرمەند بە ئەزموونەوە تێیدا سەرکەوتووەو بووە بەستایلێکی تایبەت بەخۆی.

**جەمال موشیر**
**(شێوەکار)**

* کاک نەژاد تەوژمێکی هونەری لە ناخی دا هەیەو زیرەکانە هەنگاو هەڵدێنێ..

**چەتۆ حەسەن**
**(ئەکتەرو شێوەکار**

* نەژاد لەم کارانەیدا هەوڵی داوە لە دەرەوەی ڕیتمی شێوازی کۆلاژ کار بکات و ستایلێکی تایبەت هەڵبژێرێت، جیا لە هەموو شێوازە باوەکان..

**حەمید جەمال**
**(شێوەکار)**

* لە هەر تابلۆیەکدا چامەشیعرێکمان خوێندەوە، لە سووچی هەر یەکێکیاندا پارچەیەک لە پەخشانی ڕۆمانێکمان بەرچاو کەوت..
**بۆتان جەلال**
**(شاعیر)**

* لەو دیوی تابلۆکانەوە هەستمان کرد دیوانێکی شیعریمان تەواوکرد

**مەدحی مەندەلاوی**
**(وەزیری ڕۆشنبیری بە وەکالەت)**

* لەم پێشانگایەدا هەموو ئێش و ئازاری مرۆڤم بینی، جوانی و ئیستاتیکاش دوو چەمکی گرنگن و بەرەو جیهانی سەرمەدیمان دەبەن..
**سەلاح عومەر**
**(چیرۆکنووس)**
* ئەمجارەش بە شێوەیەکی جوانترو هونەریانە ڕاڤەی ئێش و ئازارو خەون و خۆزگەی مرۆڤی وڵاتەکەی کردبوو.. دەستخۆش کاک نەژاد هیوادارم ئەم چاوانە هەر ساغ بن.

**سابیر ڕەشید**
**(چیرۆکنووس)**

* ئەو خەونانەی لێمان ون بوون، ئەو دیوارانەی هەڵەکانی لێکتر جیا کردەوە، ئەو شوێن پێیانەی بزر بوون.. ئەمانەیە بەسەرهاتی ئەو چاوانەی بە دوای خۆیاندا دەگەڕێن... سوپاس بۆ تۆ کاک نەژاد.

**نەجات حەمید ئەحمەد**
**(نووسەر و ڕەخنەگر)**

* هەموو جارێک کۆلاژو چاوەکان خۆیان نوێ دەکەنەوە تا ئەوەی شەپۆلی ناوەڕۆک بە زمانێکی (بینین)ی شەفاف هەستی شاعیرانەو پێکهاتەی شێوەکاری کۆدەکاتەوە.
وردی لە هەڵبژاردنی پێکهاتە و دابەشکردنیان بە ئاهەنگ و ریتمێک کە خۆی لە خەیاڵ دەسوێ..
کارەکان راتدەکێشن، پێکهاتەکانیان ئەگەرچی ڕوون و دیاربوون لەو هزرو بیرانەی تێیاندابوو، بەڵام بەلای ڕووکەشایەتی و ڕاستەوخۆیی نەشکابوونەوە بەڵکو لە قووڵایی ڕەمزیەتدا بوون و پێ بە پێ لەگەڵ بینایی تابلۆکاندا..
نەژاد بەوەفاترین هونەرمەندە بۆ هونەری کۆلاژ..

**تاریق کارێزی**
**(ڕەخنەگری شێوەکاری)**

* ئەگەر چاوەکان وەک خۆی شتەکان ببینن ڕەنگە هەموو شتەکان جوانی و پاکی و خۆشبەختی بهێننە ئاراوە.

**عەباس غەزالی**
**(سینەماکار)**

* کاک نەژاد وێنەکانی شیعرن و شیعرەکانی وێنەن..

**حەسەنی دانیشفەڕ**
**(شاعیر)**

* سەیری تابلۆکانم کرد.
هەستێکی سەیرم لا دروست بوو.
هەستێک تێکەڵ لە خۆشی و ناخۆشی.
بە بینینی چرکەساتەکانی ژیان بە جوانی و ناشیرینیەکانەوە.
کاک نەژاد بۆتە کوتلەیەکی گەورەی هونەر وەک مرۆڤ، شاعیر، هونەرمەند، پیشەسازی وشە. هتد... ئەم پێشانگایە نموونەیەکی زیندووی شارستانی و هونەری کوردییە...

**مومتاز حەیدەری**
**(نووسەر و ڕۆژنامەنووس)**

* ئەگەر ژیان لەم جۆرە داهێنانەوە بەدوور بێت باوەڕبکە زیندەگی هیچ جۆرە تام و چێژێکی تێدا وەدی ناکرێت.
پیرۆز بێت نەژاد، بەردەوام بیت لە هاوارە بێ دەنگەکەتا...

**خوسرەو جاف**
**(نووسەر و هونەرمەند)**

* لە نیگای چاوەکانمەوە، دیسان چاوەکانی تۆ، ئەو و ئەوانی دیکەشم خۆشویست.

**حەمە ئەحمەد جاف**
**(شاعیر و ڕۆژنامەنووس)**

* هەر تابلۆیەک گوزارشت لە چیرۆکێکی شیعرئامێز دەکات.

**شوان سەرابی**
**(ڕۆژنامەنووس)**

* زۆرینەی تابلۆکان لە ئازادی و ئازادی ڕۆژنامەگەریی دەدوێن لە وڵاتانی سێیەم، لە هەمان کاتدا ڕێژبەندییەک هەیە لە نێوان پێشانگاکانی پێشوو و ئێستایدا زۆریش نیگارەکانی خستونیەتە سەر ژێی چوارچێوەی تابلۆکان ئەمە جوڵەیەکی دینامیکی بە تابلۆکان دەبەخشێت. نەک فیگەرێکی ستاتیک، لە زۆرینەی تابلۆکاندا ئەفراندن بەرچاو دەکەوێت.

**فارس سەعدی**
**(فۆتۆگرافەر)**

* جاری وا هەیە ئەوی لە بە یەکگەیشتنی دوو نیگادا دەگوترێت، بە شیعرێکی جوان ناگوترێت، زۆرجار ئەوی بە چاو دەتوانین بیلێین بە زار بۆمان ناگوترێت.. چاو کە لایەنی هاوبەشی تابلۆکان بوو چاویان ڕۆشن و دڵیان گەش کردمەوە.

**حەمە سەعید حەسەن**
**(نووسەر و ڕۆژنامەنووس)**

* چێژێکی تایبەتیم لە پێشانگاکە وەرگرت... دووبارە دەریخست کە نەژاد بەهرە جوانەکەی لە هونەری کۆلاژدا، کە هونەرێکی نەناسراوە لە کوردستاندا پەرەپێداوە. هیوادارم چاوەکانی نەژاد هەروا تیژو وردبن لە ڕاوکردنی جوانییەکاندا..

**نوورەدین سەعید وەیسی**
**(نووسەرو ڕۆژنامەنووس)**

* زۆر سەرسامم بە جوانویستی کاک نەژاد، زۆر جێی سەرنجە دوو چاو هەمیشە ئەو چاوە جوان و ڕۆیشتنە ڕۆمانسیانە بدۆزیتەوە..
**ئاکۆ محەمەد**
**(ڕۆژنامەنووس)**

* پڕ پڕ لە کۆژان و دەربڕینە جوانەکانی ئەو کۆلاژانەی کە بە وێنە قسە دەکەن پیشانگایەکی دەوڵەمەند بوو، منی لێوان لێوکرد لە هەستی شاعیرانە.
**موحسین ئاوارە**
**(شاعیر)**

* لە تێڕوانینی هەر تابلۆیەکدا ئەو شیعرەت دەخوێنمەوە کە نەک نەتنووسیوە بەڵکو ناتوانی لە ئایندەشدا بینووسی.. ئەگەر نیوەی ژیانت جدیەت بووبێ ئەوە لە نیوەی زیاتری دامان و ڕامان و خەیاڵی جوان بووە کە هەندێکیان لە شیعری جوان تواونەتەوە هەندێکیان بوونەتە پەخشان و نووسینو وتار و هەر کارێکی دیکەی ئەدەبی و هزری و کاری ڕۆژنامەوانی، بەشێکی دیکەی هەرە جوانیشی بوونەتە ئەو کۆلاژانەی کە چاوەکانی تێدا دەبریسکێنەوەو هەر جارەی دیمەنێک دەدەن کە تەنها مرۆڤە هۆشمەندەکان تێیان دەگەن.
**مەسعود پەرێشان**
**(شاعیرو ڕۆژنامەنووس)**

* نەژادی شاعیر وەکو شیعرە جوانەکانی خۆی بە ناو وێنە کۆلاژەکانی پیاسە دەکات بەڵام بە دیدو ڕوانینێکی دیکە و داهێنانێکی تر.
**خالید کۆچەر**
**(شاعیر)**

* نەژاد لە کارە هونەریەکان و شیعرەکانیدا هەمان نەژادی رۆژنامەنووسە کە کار بۆ بەهای مرۆڤایەتی دەکات و کەسە لابەلاکان دەخاتەوە مەودای ژیانی خۆیان .

**خالید جوتیار**
**(نووسەرو شاعیر)**

* هیوادارم چاوەکان هەر گەش بن..

**کرمانج عەبدوڵڵا**
**(شانۆکار)**

* ئەو کاتەی شاعیر هەوڵی هەڵگرتنەوەی داهێنانی ئەوانی تردەدا دیارە دەیەوێت داهێنانی دیکەی لێ دروست بکات.. کاری ئەم پێشانگایە کۆلاژە بەشێکی گرنگە لە هونەری شێوەکاری و دەچێتە پاڵ هونەری هاوتێکستی لە ئەدەبدا واتە کۆلاژ و تەناص دوو ڕووی کارێکی دیکەن لە داهێنان کاک نەژاد بە مانەوە ماندوو بووە و فۆرمەلەی بیرۆکەی جوانی کردووە.. دەست خۆشی لێدەکەم

**کەریم دەشتی**
**(شاعیر)**

* لەم پێشانگایەدا، ئەوەی کە زۆر جێگەی سەرنج و تێ رامان بوو بەلامەوە، ئەو هەموو چاوەگەش و جوانانە بوو، کە پڕیان بوو لە جادوو و کۆتەکانیشیان دەپساند، ئەمەندەیش کاریگەربوون، چاکیان شێت دەکردن و مەلا سەرگەردان!. کە ئەمەش بەڵگەی مرۆڤ دۆستی، کاکە نەژادە.

**مەلا عومەری چنگنیانی**
**(مامۆستای ئایینی و نووسەر)**

* به هیوام ئەمەش نامەیەکی ترت بێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەت، ئەو دەمەی من لە نێو وێرانە دارو پەردووی ئێوەدا بە دوای گوڵدا دەگەڕام بۆتم دۆزیەوە خۆم لە عەدەمەوە هاتبووم.

**سەرداری خۆشنووس**
**(زانکۆی سەلاحەدین)**

* ئەوەی زیاتر دڵخۆشی کردم دەربڕینی ئازارەکانی ئافرەتی کوردە.

**شنۆ هەولێری**
**(پارێزەر)**

* کارێکی گەورە و زەوقێکی هونەری جوانە.

**هێمن میرانی**
**(ڕۆژنامەنووس)**

* پێم وانییە مرۆڤ بتوانێت بە چەند قسەیەکی قەڵەم گوزارشت لە کارەکانت بکات بۆیە تەنها دەڵێم دەست خۆش.

**ڕەوەند حوسێن**

* بێگومان کاری کۆلاژ وا ئاسان نییە، هەروەها هێنانی کەرەستەی وێنەیی و فۆرم و ڕەمزیش ئەبێ دەقی خۆی بگرێ ئەمجارەش شتی جوان و ڕۆمانسیم بەدی کرد.

**بەشدار قادر حەسەن**
**(شێوەکار)**

* کاری کۆلاژ کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە هەموو هونەرمەندێک بتوانێت خۆی لێ بدات.. بەم ئاراستەیە بڕوات من هەست دەکەم لەم پێشانگایەدا بە ڕووی سۆزی خۆشەویستی مرۆڤایەتی دوور لە ئەشکەنجە بە ڕووی دنیای چاوەکانم دەبات.

**عەبدولموتەلیب گەردی**
**(شێوەکار)**

* پێشانگای پێنجەمی نەژاد بینەری دووچاری جۆرێک لە ئارامی و حەزو خولیا دەکات و وای لێدەکات بە دوای پێوەندییە جیاجیاکاندا بگەڕێ و بەردەوامی ئەم ژانە هونەرییە بە هەستێکی شیعری و ئیستاتیکی کارێکی گرنگە لە فەزای ئەم جۆرە کارانە هەڵگری شەپۆلێکی نادیارن لە هەمانکاتدا.. لە چێژ و لەزەت.. پیرۆزبایی لە کاک نەژاد دەکەم با شیعرو مۆسیقا و شێوەکاری لە تابلۆیەکدا ئاوێزانی یەکترین.

**هاشم سەراج**
**(شاعیر)**

* لە ڕێگای بینینی چەند تابلۆیەکەوە سەفەرێکی کورتی ئەو دیوی ژیانی پڕ نەهامەتیەکانم کرد.. هەستم کرد کە تۆش هەستت بەم دیوی ئازارەکان کردووە..

**ئاشتی شەهباز**
**(ڕۆژنامەنووس)**

✱ لە نێوان ڕوانینی چاوەکاندا بەهرە خوداییەکان.. جوانییە سرووشتیەکان... خەونە ئینسانیەکانم بەدی کرد.. لەوەتەی دونیا هەیە، جوانی هەیە، بەهرە لە جوانییەوە سەری هەڵدا داهێنانیش لە بەهرەوە ئەم سێ پرۆسەیەش بە یەکەوە ژیان جوانتر و شیرینتر دەکەن.
ئەو ڕۆژەی دەستبەرداری ژیان دەبین بە جەستە لەگەڵ هونەردا سەفەر دەکەین ئای کە هاوسەفەرەکانمان جوانن هەمیشە بە یەکەوەین ... لەگەڵ شیعرو لەگەڵ مۆسیقا لەگەڵ دیمەنە جوانەکان.

**سەعدوڵلا پەرۆش**
**(شاعیر)**

✱ ئەگەر ئەو چاوە یەدەگانەی نێو کۆلاژەکان نەبوونایە مەحاڵ بوو ڕێیە تاریک و ئاڵۆزەکان بدۆزینەوە، ئەو چاوانە پڕ بوون لە سیحری نهێنییەکانی ئافرەت، نهێنییەکانی سرووشت، جەستە، خۆمان، ئەوان، تا دەگا بە خوداش من تەنیا لەو چاوانەدا زۆر شتی نامۆم بینی زۆر شتی جوان وەک جوانیەکانی ئافرەت وەک هەر جوانییەک کە بە دوایەوە وێڵین سوپاس بۆ ئەو چاوانە کە هەموو جارێک شتی جوانمان پیشان دەدەن.

**کاروان عەبدوڵلا**
**(نووسەر و ڕۆژنامەنووس)**

✱ شێوازی دانانی وێنەکان بەشێکی لە ناخی شێوەکار خۆیدایە.. بە بینینی زۆر خۆشحاڵ بووم.. نوخشە بێت لە سەدان پیشەنگای تر
**ڕزگار عزیز**

✱ ئەتمۆسفیرێکی تایبەت، هونەرێکی تایبەت، وێنەشیعرییەکانی کاک نەژاد لەو پێشانگایەدا بەدی دەکەین.
**زانا خەلیل**
**(شاعیر)**

✱ دووەم جارە لە پێشانگای کاک نەژاد ئامادە دەبم جاری یەکەم لە هۆڵێکی بێ نازی سۆران دیمەنی هۆڵەکە بۆ خۆی کەڤاڵێک بوو لە ستایلێکی نزیک لەو دونیایەی کاک نەژاد.. دوای 12 ساڵ کە دێمەوە پێشانگاکەی کاک نەژاد، کۆلاژەکان بۆمن وەک کرنۆلۆژیا وان، قۆناغەکانی ژیانی 40 ساڵەی ڕابردووی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە لە خانووبەرەو هەیوانی لاتەریکترین گوندی کوردستانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە دوواترین تەعاروفی کوردو دیجیتاڵ.

**بۆتان تەحسین**
**(ڕۆژنامەنووس)**

✱ چاوەکان چاوت بۆ هەندێ واقیعیەتی سەردەم ڕادەکێشێ لە ڕاستی، لە خۆشەویستی.. هیوادارم وێنەی ئەم پێشانگایە زیاد بێت.

**حسین شەریفی**
**(هونەرمەند)**

✱ دەبێ ڕاشکاوانە ئەوە بە تۆ بڵێم لەم پێشانگایەدا بوێرانەتر و وردتر کارت لە کۆلاژدا کردووە لەو هونەرەی کە لە کوردستاندا لەلای زۆرێک خەڵک و تەنانەت خودی ئەوانەی کە لە بوارەکانی تردا کاری هونەری دەکەن وەکو پێویست ناسراو نییە، من لێرەوە بەوە گەشبین بووم کە ئەگەر تۆ لەم کارەت بەردەوام بیت ئەوا کاری لە ئێستا جوانتر دەکەیت...

**نیاز عەبدوڵلا**
**(نووسەر)**

✱ با من دوایین کەس بم کە دەربارەت بدوێم،... تەمەن ماندوومان دەکا با چاوەکان نەنوقێنین .. توخوا با تۆزێکیش ئەو دیو هەتاو ببینین دڵنیام لەوەی هەتاو چاوەکانمان ناسووتێنێ.. با چاوەکانمان ئەو دیو ڕووناکیش ببینن.. پەنجەکانت و هەستی ناسک و شاعیرانەت هەمیشە درەوشاوەبن..

**سەلاح مەزن**
**(ڕۆژنامەنوس)**